# "پیاوێکی بێجامە شین"ی جەلال بەرزنجی چاپ کرا




**سمکۆ**
**کەنەدا**
2011 – 9– 1

**دوای چاوەڕوانیەکی زۆر چاپی ئینگلیزی کتێبی "پیاوێکی بێجامە شین"ڕۆژی 9 –9 2011 لە لایەن زانکۆی ئەلبێرتا لەکەنەدا کەشەشەمین زانکۆیە لەگێتی،چاپکرا.ئەوکتابە جگە لەوەی لە لایەن زانانکۆی ئەلبێرتاو کتێب فرۆشەکانی ناوکەنەداوناوەندی (کتاب بۆ هەمووکەسێک) کە تەنیا کتێبە دانسەقەو پڕفرۆشەکان بڵاودەکاتەوە و بڵاودەکرێتەوە.لەهەمان کات لە دەرەوی کەنەدایش زانکۆی مەشیگان لە ئەمریکا و دەزگای پەخش و بڵاوکۆدنەوەی کتێب لە بەریتانیا بڵاوی دەکەنەوە.**

جەلال بەرزنجی ساڵی 2007  کە نووسەرانی نێونەتەوەی لە کەنەدا تایتلی" نووسەری یەکەمی تاراوگە"ی پێی دا،توانی بەستایلێکی سەرنج راکێش و هەستیارنە یادەوەری تاڵی ژیانی شەو رۆژی سەر (سی وپێنج) سانتی مەتری زیندانی بەعس لەساڵی 1986 بکاتە ئەوکتێبە. پرۆفیسۆری ئەدەب لە زانکۆی پەنسەلڤانیە لە ئەمریکا دکتۆر سەباح ساڵح کردویەتیە ئینگلیزی و لە پێناسەی تێروتەسەلەکەی.بەکتێبێکی جوان سەرکەوتووی دادەنێ.
نووسەرو رومانووسی جیهانی و سەرۆکی نووسەرانی نیونەتەوەی (جۆن رۆلسن سو) پێشەکی بۆ نووسیووە. زۆر سەرسامە بە کتێبەکە ولە یەکێک لە رستەکانی دەڵی"من ژیانی جەلال نەژیاوم،بەڵام رای کێشامە ناو ژیانی خۆی، خوێنەرلەگەڵ نووسینەکەی جەلال دەبێتە یەک، بەدرێژای رێگا لەگەڵ خۆی دەمانهێنتە ئیدمنتۆن .ئەو مەعریفەی لە رێگەی هەستەوە پێمیدا، بەجۆرێک، بووە بەشێکە لە خەیاڵم..وەک من تێی بگەم ئەوکارە داهێنانێکی جوامێرانەیە(گینەرس کرێتڤ ئاکت"لەرستەییکی تردا دەڵێ"ئەوکتێبە شەهادەیێکی (تەستەمۆنی) زیندووی رووی راستەقینەی کوردە. لە هەمان کاتیش ژیانی نووسەرە."پیاوێکی بێجامە شین" پێشوازیەکی بەرچاوی لە لایەن خوێنەرانی لەباکووری ئەمریکا لێ دەکرێت، سەدان کەس پێش ئەوەی کتێبەکە بکەوێتە بازارەوە لە رێگەی(ئەمازۆن دات کەم) وهەردوو کتێب فرۆشی زەبەلاحی (چاپتەر ئیندیگۆ) و کتێبخانە کانی تر پێش وەخت (پری-ئۆردەر) داوایان کردوە. شایانی باسە،ئەوکتێبە لەڤیستڤاڵی نیونەتەوەی ئەدەبی(نەن فەکشن)(لیت فیست) لە ئیدمنتۆن لە 17 ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لەسەعات 12 نیوەڕۆلە لە سەر سەکۆی (س.ب.س) رادیۆو تەلەفزیۆنی کەنەی و سەعات 7 ئێوارەی هەمان رۆژ لە هۆڵی شانۆی کتێبخانەی گشتی ئیدمنتۆن ئاهەنگی بڵاوبوونەوەی کتابەکە سازدەکرێت.بلیتی چوونەژوورەوە بە 10 دۆلارە، پارەی بلیتەکانیش دەبەخشرێتە نوسەرانی نیونەتەوەی. پیاوێکی بیجامە شین تاکە کتێبە لەو فیستڤاڵە دوو کۆڕی بۆ بگیرێ..لەو ئاهەنگەدا،نووسەری پیاوێکی بێجامە شین جەلال بەرزنجی (ئیدتەر)ی کتێبەکە پیتەرماگملندی و وەرگێری کتێبەکە پرۆفیسۆر سەباح سالح قسە لە سەر پرۆسەی وەرگێرانەکەی دەکەن . دوایش جەلال بەرزنجی کتێبەکەی بۆ خوێنەرانی ئیمزا دەکات.
بێحامە شینی جەلال یەکێکە لەو کتابانەی زانکۆی ئەلبێرتا بەهاوکاری دەزگای بڵاو کردنەوەی کتێب لە بەریتانیا دەیباتە پێشنگای ساڵانەی نیونەتەوەی کتێب لە فرانکفۆرت.
پێشنگاکە ئەمساڵیش لە مانگی 10 لە ئەڵمانیا  سازدەکرێت، لە پێشنگای فرانکفۆرت سەدان دەزگای پەخش وبڵاوکردنەو جیهانی کتێب فرۆش،نووسەر و بەرهەمهێنەری سینەمای بەشداردەبن.لە پێشنگای ساڵی    2010 دا 100   وڵات بەشداریان تێدا کرد و 300هەزار کەس و 10هەزار رۆژنامەنووس سەردانی پێشنگاکەیان کرد.